سەرۆك كۆمار شارەزای سیرامیکی نەودەوڵەتی هونەرمەندی قوبرسی بانگهێشتی عێراق کرد

ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆك كۆمار، عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، شارەزای سیرامیکی نەودەوڵەتی، هونەرمەندی قوبرسی، ڤالێنتینۆس چارالامبۆس، بانگهێشتی عێراقی کرد. نووسینگەی سەرۆك كۆمار لە راگەیندراوێکدا، بڵاویکردەوە، ”سەرۆك كۆمار، عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ، لە پەراوێزی سەردانەکەی بۆ قوبرس، لەگەڵ شارەزای سیرامیکی نەودەوڵەتی، هونەرمەندی قوبرسی ڤالێنتینۆس چارالامبۆس، و لە بارودۆخی ئاگادارکرایەوە، وە ڤالێنتینۆس زیاتر لە سێ دەیە لە عێراق نیشتەجێ بوو و کاری دەکرد.“ سەرۆکی کۆمار داوای لە هونەرمەند، ڤالێنتینۆس کرد، ”جارێکی تر سەردانی عێراق بکاتەوە، بەرهەمەکانی نمایش بکات و لەگەڵ هاوکار و خوێندکارەکانی لە بەغدا کۆببێتەوە، کە سێ دەیە لە بەشی سیرامیك لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان کاری کردبوو، لە ساڵی ١٩٥٧ تا ١٩٨٥“. ئەو هونەرمەندە قوبرسییە سوپاس و پێزانینی خۆی دەربڕی "بۆ بانگهێشتی سەرۆکی کۆمار و پێزانینی بۆ گرنگیدان بە هونەر و کولتوور، کە هەوێنی شارستانیەتی گەلانن". هەروەها سەرۆکی کۆمار سەردانی قەڵای مێژوویی لیماسۆلی کرد کە لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ساڵی ١٥٩٠ی زایینی دروستکراوە، یەکێکە لە مەزارگە مێژووییە بەناوبانگەکانی قوبرس و کراوە بە مۆزەخانە کە کۆکراوە شوێنەوارییە کۆنەکان و پارچە جەنگییەکانی تێدایە. سەرۆکی کۆمار ستایشی "هەوڵە بەرزەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری قوبرس و وەزیری

ڕۆشنبیری قوبرس ڤاسیلیکی کاسیانیدەی لە پاراستنی مێژوویی و ڕەسەنایەتی شوێنەوارەکانی" کرد، جەختی لە "گرنگی چالاککردنی پەیوەندییەکان و ئاڵوگۆڕی ئەزموون و لەهاتووییەکانی نێوان عێراق و قوبرس لەبواری پاراستنی میراتی فیکری و کولتووری هەردوو وڵات“.